دکتورسالح ئیبراهیمی



# سوورەی حیجر: ئاوایی حیجر ٩٩ ئایەتە

**سوورەی حیجر لە مەککە هاتۆتە خوارەوە و (بسم‌الله)وە ٩٩ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن

ئەلف، لام، را ـ ئەم پیتانە، نیشانەی ئەم کتێبەن و قورئانێکە چاک و خراپ ڕوون دەکاتەوە ﴿١﴾ ئەوانەی خوانەناسن (کاتێ شوێنەواری وەیشوومە ببینن) زۆر جار ئارەزوو دەکەن موسڵمان بووایەن ﴿٢﴾ لێیان بگەڕێ با بخۆن و لەزەت ببەن و ئارەزوو بیانغافڵێنێ، جا لە دواییدا تێدەگەن و دەزانن ﴿٣﴾ ئێمە (خەڵکی هیچ شار و ئاوایی‌یەکمان لەناو نەبرد، مەگەر ئەوەی کە ئەجەل (ماوەیەک)ی دیاریکراویان بۆ هەبووبێ ﴿٤﴾ هیچ تاقمێ نە لە ئەجەل (ڕۆژی دیاریکراوی) خۆی پێش دەکەوێ و نە لێشی وەدوا دەکەوێ ﴿٥﴾ گوتیان: ئەی کەسێ کە زیکر (قورئان)ت بۆ هاتووە بە هەقیقەت تۆ دێوانە و شێتی ﴿٦﴾ ئەگەر ڕاستبێژی، ئەی بۆچ مەلائیکەمان بۆ ناهێنی؟! ﴿٧﴾ (ئەبێ بزانن) ئێمە مەلائیکەکان (فریشتەکان) نانێرین مەگەر بە هەق (بۆ سەلماندنی بە هەق سزادان)، هەردەمێ مەلائیکەکان (فریشتەکان) بێن، ئیتر بەوانە قان و مۆڵەت نادرێ ﴿٨﴾ بەڕاستی ئێمە قورئانمان نارد و بەڕاستی پارێزەری ئەویشین ﴿٩﴾ بە هەقیقەت ئێمە بەر لە تۆ(یش) پێغەمبەرانێکمان ناردووەتە نێو تاقم و دەستەکانی سەرەتا (پێشوو) ﴿١٠﴾ هیچ پێغەمبەرێک نەدەهاتە لایان، مەگەر ئەوەی کە گەپجاڕ و گاڵتەیان پێ دەکردن ﴿١١﴾ ئا بەمجۆرە، ڕێگای قورئان بۆ ناو دڵ و دەروونی تاوانباران دەکەینەوە ﴿١٢﴾ (بەم حاڵەشەوە) ئەوانە بڕوا بەو (قورئان) ناهێنن، بە هەقیقەت ڕەوشتی هۆزەکانی بەروویش هەروا بووە ﴿١٣﴾ ئەگەر درگایەک لە ئاسمانەوە بۆ ئەوان بکەینەوە و ئەوانە بەوێدا بڕۆنە سەرێ ﴿١٤﴾ هێمان دەڵێن: بەرچاومان گیرابوو! بەڵکوو ئێمە (سەرتاپێ) جادوومان لێ کرابوو!! ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بە هەقیقەت ئێمە لە ئاسمان بورجگەلێکمان داناوە و ئەومان بۆ بینەران ڕازاندۆتەوە ﴿١٦﴾ ئەومان لە هەر شەیتانێکی دەرکراو پاراستووە ﴿١٧﴾ مەگەر ئەوانە کە کوڵ دەگرن و لە پەناوە گوێ بۆ قسەی خەڵکی ڕادەگرن، جا (برووسکەی دیار) بە دزییەوە ڕەپێیان دەنێ (و دایاندەگرێ) ﴿١٨﴾ زەویمان ڕاکێشا و کردە ڕایەخ و پان و بەرینمان کردەوە و کێوی زەقمان تیا سازدا، هەر شتێکی ڕووەک بابەتیشمان بە تەکووزی و ڕێکوپێک تیا ڕرواند ﴿١٩﴾ بۆ ئێوە هەر جۆرە هۆی ژیانمان لەودا پێک هێناوە، هەروا بۆ کەسانێ کە ئێوە ڕۆزیدەری ئەوان نین ﴿٢٠﴾ هیچ شتێک نییە مەگەر سەرچاوە و خەزێنەکەی لای ئێمەیە، بەڵام بە ئەندازەی دیاریکراو نەبێ، نایبەین و نایدەین ﴿٢١﴾ وە "با"مان بۆ پیوە لکان و ئاوس بوون و بەردار کردنی گژوگیا نارد و لە ئاسمانەوە بارانمان نارد و بەو بارانە ئێوەمان تێراو کرد، کەچی ئێوە ڕاگرتن و پاراستنی ئەوەتان لە وزەدا نەبوو ﴿٢٢﴾ بە هەقیقەت ئێمەین ژیان ئەدەین و دەمرێنین، و میراتگیری (هەموو دنیا) ئێمەین ﴿٢٣﴾ بەڕاستی هەم بە پێشینانی ئێوەمان زانی و هەم ئەوانەی وا لە دواوەن ﴿٢٤﴾ پەروەرێنەرت، هەر ئەوە (لە قیامەتدا) کۆیان دەکاتەوە و حەشریان دەکا، چونکە هەر ئەوە لەکارزان و زانا و ئاگا ﴿٢٥﴾ بە تەحقیق ئێمە مرۆمان لە قوڕێکی ڕەشی بۆگەنیوی ڕەقهەڵاتوو بەدیهێناوە ﴿٢٦﴾ هۆزی جنمان بەر لەوە لە ئاگری گەرم و سووتێنەر بەدیهێناوە ﴿٢٧﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە پەروەرێنەرت بە فریشتە و مەلائیکەی وت: من مرۆڤم لە قوڕێکی ڕەشی بۆگەنیو بەدیهێناوە ﴿٢٨﴾ جا کاتێ کارەکەییم تەواو کرد و لە گیانی خۆم فووم پێداکرد، جا هەموو بۆ بۆکرنۆش بردن دانەونەوە و دەمەوڕوو ببن ﴿٢٩﴾ جا مەلائیکە هەموویان بە تێکڕایی سوژدەیان بۆ برد ﴿٣٠﴾ بێجگە لە ئیبلیس کە نافەرمانی کرد لەگەڵ سوژدەبەران بێ ﴿٣١﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



(خوا) فەرمووی: ئەی ئیبلیس بۆچ لەگەڵ سوژدەبەران نی ﴿٣٢﴾ وتی: من هیچ کاتێ بۆ مرۆڤێک کە لە قوڕێکی ڕەشی بۆگەنیو بەدیهاتووە؛ سوژدە نابم ﴿٣٣﴾ فەرمووی: جا لەوێ بڕۆ دەرێ، (چونکە) بەڕاستی تۆ دەرکراوی ﴿٣٤﴾ بەڕاستی تا ڕۆژی بەرێ لەعنەت (و بەری بوون لە ڕەحمەت) بۆ تۆ ئەبێ ﴿٣٥﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم! تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە مۆڵەتم بدە (و زیندووم ڕابگرە) ﴿٣٦﴾ فەرمووی: جا بەڕاستی تۆ لە مۆڵەت دراوانی ﴿٣٧﴾ (بەڵام نەک تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە، بەڵکو) تا ڕۆژێ کە کاتی دیاریکراوە ﴿٣٨﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم! لەبەر ئەوەی گومڕات کردم، بە هەقیقەت نیعمەتی دنیا لە زەویدا لە بەرچاویان دەڕازێنمەوە و هەموویان لە ڕێگا لائەدەم! ﴿٣٩﴾ مەگەر بەندەکانی پاک و هەڵبژاردراوت نەبێ ﴿٤٠﴾ فەرمووی: ئەمە ڕێگای ڕاستە بۆ لای من ﴿٤١﴾ بەڕاستی دەسەڵاتت بەسەر بەندەکانمدا بۆ نابێ، مەگەر لاڕێیانێک کە بە دوای تۆ کەوتبن ﴿٤٢﴾ بەڕاستی جەهەندەم جێگای هەموویانە ﴿٤٣﴾ بۆ جەهەندەم حەوت درگا هەیە و هەر درگایەکیش بۆ تاقمێک لەوانە دابەش کراون ﴿٤٤﴾ بەڕاستی پارێزگاران لە باغ(ی سەر سەوز) و لەکن کانیاوەکاندان ﴿٤٥﴾ (پێیان دەوترێ) بچنە ناو ئەو باغانەوە بە سلامەت و بێوەی ﴿٤٦﴾ هەر جۆرە ڕک و کینە و دوژمنی لە سینگی ئەوان لادەبەین (و ڕۆحیان پاک دەکەینەوە)، هەموو بە برایانە لە بەرامبەری یەکدا لەسەر تەختن ﴿٤٧﴾ هیچ کاتێ ماندوو بوون و ڕەنج بەوان ناگا و هیچ کاتێ دەرناکرێن ﴿٤٨﴾ بەندەکانم ئاگادار بکە، (چونکە) بەڕاستی من لێبور و دڵاوێنم ﴿٤٩﴾ بەڕاستی هەر عەزابی من، عەزابێکی دەردناکە ﴿٥٠﴾ هەواڵی میوانی ئیبراهیمیان پێ بدە ﴿٥١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

کاتێ چوونە لای، جا سڵاویان (لێ) کرد، (ئیبراهیم) وتی: بەڕاستی ئێمە لێتان دەترسین ﴿٥٢﴾ وتیان: مەترسە، بە منداڵێکی زانا مزگێنیت پێئەدەین (مەبەست ئیسحاقە) ﴿٥٣﴾ وتی: ئایا مزگێنی بە من ئەدەن، کەچی پیر بووم؟ بەچی مزگێنیم ئەدەنێ؟ ﴿٥٤﴾ وتیان: مزگێنیمان بە هەق پێداوی، جا لە بێهیوایان مەبە ﴿٥٥﴾ وتی: چکەسێ بێجگە لە لاڕێیان لە ڕەحمەتی پەروەرێنەری بێهیوا ئەبێ؟ ﴿٥٦﴾ (لە پاشان) وتی: ئەسپاردەتان چییە، ئەی ڕەوانەکراوان(ی خوا)؟ ﴿٥٧﴾ وتیان: بەڕاستی بۆ لای هۆزێکی تاوانبار ڕاسپێردراوین (تا لە ناویان ببەین) ﴿٥٨﴾ مەگەر خاووخێزانی لووت کە هەموویان ڕزگار دەکەین ﴿٥٩﴾ تەنیا ژنەکەی نەبێ کە دامانناوە (لە شاردا) بمێنێتەوەو لە ناو بچێ ﴿٦٠﴾ جا کاتێ کە ڕەوانەکراوەکانی (خوا) هاتنە لای بنەماڵەی لووت ﴿٦١﴾ (لووت) وتی: بەڕاستی ئێوە قەومێکی نەناسراون ﴿٦٢﴾ وتیان: ئێمە هەر ئەوەمان بۆ هێناوی کە ئەوانە (خوانەناسان) لەوا دوودڵ بوون (کە هاتنی عەزابە) ﴿٦٣﴾ ئێمە هەقمان بۆ تۆ هێناوە، بەڕاستی ئێمە ڕاستبێژین ﴿٦٤﴾ جا کەوایە خاووخێزانت لە ئاخری شەودا لەگەڵ خۆت هەڵگرە و بیانبە و تۆیش بە دوایاندا بە و با هیچ یەکێ لە ئێوە بۆ دواوە ئاوڕ نەداتەوە، بڕۆنە ئەو شوێنەی پێتان وتراوە ﴿٦٥﴾ ئەمەمان بە لووت ڕاگەیاند کە بەڕاستی بەرەبەیان ڕەگ و ڕیشەی هەموویان لە بن دەردێن ﴿٦٦﴾ (لە لایێ تروەوە) خەڵکی شار زانییان کە لووت میوانی هەیە) هاتنە لای ماڵی لووت، لە حاڵێکدا کە مزگێنییان بە یەکتر ئەدا ﴿٦٧﴾ (لووت) فەرمووی: ئەمانە میوانی منن، جا ئابڕووم نەبەن! ﴿٦٨﴾ لە خوا پەرواتان هەبێ و شەرمەندەم مەکەن ﴿٦٩﴾ وتیان: مەگەر ئێمە تۆمان لە (تێکەڵی لەگەڵ) جیهانییان نەهی نەکرد (و نەمانوت: کەس بە میوانی ڕامەگرە!) ﴿٧٠﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



وتی: ئەوانە کچانی منن، ئەگەر ئەتانەوێ دروست کـار بـکەن (و ئەوانە مـارە بـکەن و خـۆ لە داوێنپیسی لادەن) ﴿٧١﴾ بە گیانت قەسەم، بەڕاستی ئەوانە لە مەستی خۆیانـدا سـەرگەردانن (و ئاوەزیان لە دەس داوە) ﴿٧٢﴾ سەرئەنجام لە کاتی ڕۆژهەڵاتدا دەنگی مەرگـهێنەر ئەوانـی داگرت ﴿٧٣﴾ جا (شـار و دێـی ئەوانمـان ژێـروڕوو کـرد) سـەرووەمان هێنـا خـوارێ و سـندە و کەسـتەک و کلـۆ و گڵـمەتە بەردمـان بەسـەرا بارانـدن ﴿٧٤﴾ بەڕاسـتی لەم (چارەنووسـە پەندهێنەر)ەدا نیشانەگەلێک بۆ وشیاران هەیە ﴿٧٥﴾ (وێرانەی خانووەکانیان) لە سەر ڕێگای (کاروانەکاندا) هەروا ماوەتەوە ﴿٧٦﴾ لەمەدا نیشـانەیەک بـۆ بـڕواداران هەیە ﴿٧٧﴾ یـارانی ئەیکە (خاوەنی سەرزەوی پڕ دار واتا هۆزی شـوعەیب) هـۆزێکی سـتەمکار بـوون ﴿٧٨﴾ جا تۆڵەمـان لـێسـەندن و ئەم دووانە (مەدیەن و سـەدووم کە شـاری هـۆزی لـووت بـوون) شـارە وێـرانکراوەکانیـان لە سـەر ڕێگاوبـانەوە دیـارە! ﴿٧٩﴾ بە هەقـیقەت خـاوەن: یـارانی حیجـر پێغەمبەرانیان بە درۆزن دائەنا ﴿٨٠﴾ نیشانەکانی خۆمان بۆ نـاردن، جا ڕوویـان لـێ وەرگێـڕا ﴿٨١﴾ ئەوانە خانووی جێی دڵنیا و ئەمنیان لە دڵی کاوان، شاخان، چیایانی بەردیـن و بسـتوو، شانەشاخی چیادا ئەتراشی ﴿٨٢﴾ جا سەرئەنجام دەنگـی (ئاسـمانی و عـەزاب) لە بەرەبەیانـدا ئەوانی گرت ﴿٨٣﴾ ئەوەی وا بە دەسیان هێنابوو، ئەوانی لە عـەزابی خوا ڕزگـار نەکـرد ﴿٨٤﴾ ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی وا لە نێو ئەو دووانەدایە بەدیمان نەهێناوە، مەگەر بە هەق، سات و کاتی (ڕۆژی بەرێ) دێ، لەوانە (دوژمنـان) بە جـوانی چاوپۆشـی بـکە ﴿٨٥﴾ پەروەرێـنەرت بەدیهێنەرێکـی ئاگـایە ﴿٨٦﴾ هەقـیقەت حەوت ئـایەتی (سـوورەی حەمـد) کە دووپـات دەکرێتەوە و قورئانی گەورەمان بە تۆ داوە ﴿٨٧﴾ (جا کەوایە) هەرگیز چاوت مەبڕە نیعمەتـی (دنیا) کە بە دەستەیێ لەوان (خوانەناس)مان داوە، بۆ ئەوان غەم مەخۆ و باڵ و باسکی خـۆت بۆ بڕواداران دابنوێنە ﴿٨٨﴾ بڵێ: من ترسـێنەرێکی ئاشـکرام ﴿٨٩﴾ (عەزابیـان بـۆ دەنێـرین) هەر بەو جۆرەی کە بۆ دابەشکەران(ی نیشانەکانی خوایی)مان ناردووە ﴿٩٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئه‌وانه‌ی که قورئانیان به‌ش کرد (ئه‌وه‌ی به سوودیان بوو، وه‌ریانگرت و ئه‌وه‌ی به زیانیان بوو دایانه دواوه) ﴿٩١﴾ جا به په‌روه‌ردێنه‌رت سوێند! له هه‌موو ئه‌وانه پرسیار ده‌که‌ین ﴿٩٢﴾ له‌و کارانه‌ی کردوویانه ﴿٩٣﴾ جا به ئاشکرا ئه‌وه‌ی پێت ئه‌سپێردراوه، ڕایبگه‌یێنه و له‌وانه هاوبه‌شیان بۆ خوا داناوه ڕوو وه‌ربگێڕه ﴿٩٤﴾ ئێمه بۆ تۆ به‌سین له به‌رامبه‌ر گه‌پجاڕکه‌راندا که له یه‌خه و کۆڵ تۆمان کردنه‌وه ﴿٩٥﴾ ئه‌وانه که له‌گه‌ڵ خوا خودایێ تریان دانا، جا له دواییدا ده‌زانن ﴿٩٦﴾ به هه‌قیقه‌ت ئێمه ده‌زانین دڵ و ده‌روونت له‌وه‌ی که ده‌یڵێن ده‌گیردرێ (و سه‌خت نارِه‌حه‌تت ده‌که‌ن) ﴿٩٧﴾ جا (بۆ لابردنی نارِه‌حه‌تی ئه‌وانه) په‌سن و شوکری په‌روه‌ردێنه‌رت بکه و له سوژده‌به‌ران به ﴿٩٨﴾ په‌روه‌ردێنه‌رت بپه‌رسته تا یه‌قین (مه‌رگ)ت پێ ده‌گا ﴿٩٩﴾

## سووره‌ی نه‌حل: هه‌نگ ١٢٨ ئایه‌ته

**سووره‌ی نه‌حل: هه‌نگ له مه‌ککه هاتۆته خواره‌وه به (بسم‌الله)وه ١٢٨ ئایه‌ته**

به ناوی خوای به‌خشه‌ر ودڵاوێن

فه‌رمانی خوا گه‌یشتووه، جا بۆ ئه‌وه (فه‌رمان و عه‌زابی خوا) په‌له مه‌که‌ن، خوا له‌وه‌ی که هاوبه‌شی بۆ دائه‌نێن بێ‌خه‌وش و به‌رزتره ﴿١﴾ مه‌لائیکه به ڕۆح (قورئان و پێغه‌مبه‌رایه‌تی ئیلاهییه‌وه به فه‌رمانی خۆی بۆ لای هه‌رکه‌سێ له به‌نده‌کانی خۆی که بیه‌وێ ده‌ینێرێ که‌فان و هه‌ڕه‌شه له مرۆ بکه‌ن (و ده‌ستووریان ده‌داتێ) که خه‌ڵک بپرینگێننه‌وه (و بڵێن:) بێجگه له من خودایێ‌تر نییه، جا که‌وایه له من خۆ بپارێزن ﴿٢﴾ ئاسمانه‌کان و زه‌وی به هه‌ق به‌دی هێناوه، خوا له‌وه بانتره که هاوبه‌شی بۆ دابنێن ﴿٣﴾ مرۆڤی له دڵۆپ و تنۆکێک به‌دی‌هێنا، که‌چی بووه‌ته دۆژمنێکی ئاشکرا ﴿٤﴾ ئاژه‌ڵ (بزن و مه‌ڕ و گا و و شتر)ی به‌دی‌هێنا، له حاڵێکدا بۆ ئێوه له‌وانه‌دا جلک؛ هۆی (گه‌رمایی) پۆشش و سوودی‌تر هه‌یه، له گۆشتی ئه‌وانه ده‌خۆن ﴿٥﴾ له‌واندا بۆ ئێوه زینه‌ت و شکۆ هه‌یه، له کاتێکدا که ده‌یانگێڕنه‌وه بۆ جێی حه‌وانه‌وه‌یان، کاتێ که (به‌ره‌به‌یانان) ده‌یانبه‌نه ده‌رووده‌شت بۆ له‌وه‌ڕ ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi